# ڕاپرسیەکەي عیراق و کوردستان ، چەند سەرنجیک..... !

ئەکرەم عبدولاّ
rodanakram@yahoo.com

ڕاپرسی وەک و وەسیلایەکی شارستانی لە کۆمەڵگا پیشکەوتووەکاندا بۆ چارەسەری کیشە سیاسیەکان بەکار ئەهیندریت ، میژوی بەشەري پرە لە تەجروبە لە بارەی بەکارهیناني ئەم وەسیلەیە  کە زۆر کیشەی میژووی و سیاسی هەبووە گەیشتووەتە ئاستیک کە چارەسەرکردنی بە هۆی وتوو ویژەوە کاریکی زۆر زەحمەت بووە ، بەلاّم بەهۆی ڕاپرسی کردن بە خەڵکەکەی تواندراوە کۆتایی پي بهیندریت ، پابەندبوونی ئەحزابي سیاسی و دەوڵەتەکان بە پەیمانیک کە ئەیدەن بە کۆمەڵگاو ڕازی بوون بە ئەنجامەکەی و باوەربونیان بە ئازادی سیاسي مەرجی سەرکەوتنی هەر ڕاپرسیەکە ، بەلاّم ئەوەی کە بینیمان لە عیراق و کوردستان رویدا ڕاپرسی نەبوو ، ئیمە پیشتریش ئەمەمان راگەیاند ئەوەی کە لە عیراقدا ئەگوزەرێ تەنها سیناریۆیەکە چونکە پیش وەخت ئەنجامەکەی دیاری کرابوو.خاڵیکی تر ئەوەیە کە ئەم حیزبانە هەر لە ئیئتیلافی شیعەوە و جەماعەتی سەدر و ئەحزابە ئیسلامیەکانی تری لە ناوەراست و خواروی عیراق تا ئەگاتە یەکیتی و پارتی و لە کوردستان نەوەک بروایان بە ئازادی سیاسی و هەڵبژاردنی ئازادانە نییە ، بەڵک و ئەمانە لە میژووی سیاسی خۆیاندا و لە هەر شوینیک کە دەسەلاّتیان بوبیت بونەتە هۆی سەرکوتکردنی ئازادی سیاسی و ڕادەربرین ، وە تەنانەت بچوکترین مەجالیان بۆ نەیارەکانیان نەهیشتۆتەوە . لایەنیکی تری ئەو ڕاپرسیە ئەوەیە کە ئەمەریکاو ئەحزابە هەوپەیمانەکانیان تەنها ئەیانەویت ئەو نەخشەیە بەرنە پیش کە خۆیان مەبەستیانە ، هەروەک و وتمان خەڵک دەنگ بدات یان نەیدات ئەنجامەکەی هەر ئەوە ئەبیت کە خۆیان ئەیانەویت  وە خەڵکی عیراق و کوردستان بە کردەوە ئەنجامی دەنگدانەکانی پیشوشیان بینی ، سەیرتر ئەوەیە بۆ نموونە لە کوردستان هەر لە مەلا بختیار و عیماد ئەحمد و چەند رابەری تریان گلەي ئەوەیان ئەکرد کە گەنج و لاوی کوردستان بەشدار نەبون لەو ڕاپرسي یەدا و کەوتنە ئیهانەو سوکایەتی کردن پییان کەچی  ئەنجامەکانیان زیاتر لە 90%  ڕاگەیاند ، لە خواروی عیراقیش هەر بە هەمان شیوە ئەحزابە اسلامیەکان بە جۆریک خەڵکی عیراقیان کردووە بە کۆیلەی خۆیان و اسلامیان وەک و مۆتەکە بەسەر سەری خەڵکەوە ڕاگرتووە هیچ جۆرە مەجالیکیان نە هیشتۆتەوە کەوا خەڵک بتوانیت بە ئازادانە دەنگ بدات ، ئەمەش ڕاستی و دروستی ئەو قسانە دەرئەخات کە پیشتر بۆ خەڵکی عیراق و کوردستانمان کردبوو سەبارەت بە ڕاپرسی و هەڵبژاردن لە ژیر دەسەلاّتی ئەمەریکاو حیزبە هاوپەیمانەکانیدا ئەکریت ، تەنانەت ئەوانەشی کە چاودیر بوون لە سەر سندوقەکاني دەنگدان

دانیان بەوەدا ناوە کە خەڵک کەم بەشداری کردووە  ئەی کەواتە ئەم ریژە زۆرەیان لە کویوە هینا؟ کە تەنها ئەوە نەبیت خۆیان کەوتونەتە تەزویرو ساختەکاری  کە ئەمەش بۆتە عادەتیک لایان ، ئەمانە بۆیە ترسیان هەیە لە ئازادی سیاسی و هەڵبژاردنی ئازادانە  چونکە ئەو راستي یە باش ئەزانن کە ئازادبونی خەڵک مانای لەناوچونی کورسی دەسەڵات و سامانەکانیانە ، خاڵیکی تر ئەوەیە ئەم حیزبانە بروایان بە ئاڵ و گۆری دەسەڵات نییە تا ئاوا بە ئاسانی ئەو نا یە ئاشکرا بکەن کە خەڵک داویەتی بە رویاندا و ئەحزابی سیاسی تر دەسەڵات بە دەستەوە بگریت وەک و هەر شوینیکی تر ، هەموو وەسیلەیەک بەکار ئەهینن تا ئەوە رونەدات و تەنها خۆیان حاکم بن و یاری بە چارەنووسی خەڵکەوە بکەن. بۆیە ئەبیت ئەمە تەجروبەیەکی گەورە بیت بۆ خەڵکی عیراق و کوردستان وە بۆ ئەوەی بتوانن ئازادانە هەڵبژاردنی سیاسی خۆیان بکەن و ئەم حیزبانە دەست کۆتا بکەن تاقە ریگایەک کە لە بەردەمیاندایە ئەوەیە کە ئەبیت هەڵویستی جدي لە بەرامبەریاندا وەربگرن .

30-10-2005